گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 86–97, Mar.-2018*
journals.uoz.edu.krd
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128

# ڕەمزییەتی نەی لە چوارچێوەی شیعری سۆفیگەریدا

## (لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكارییە لە نێوان نەی لە مەسنەوی مەولانا و نەی لە شیعرەكانی مەلای جزیری دا)

**پەخشان سابیر حەمەد**

بەشی زمانی كوردی، فاكولتی ئاداب، زانكۆی سۆران، هەرێمی كوردستان – عیراق (Pakhshan.hamad@soran.edu.iq)

وەرگرتن:2017/11 پەسەندكرن: 2018/03 بەلاڤكرن: 2018/03 [https://doi.org/10.26436/2018.6.1.551](https://doi.org/10.26436/2018.6.1.551)

**پۆختە:**

(نەی) لە نێو مەسنەویدا قەسیدەی دایكە و مرۆڤ دەنوێنێ و مرۆڤیش نەی دەنوێنێ، ژیانی نەی بە تەواوەتی ژیانی مرۆڤە ، ئەمە و لە كاتێكدا مەسنەوی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی مەشقێكی گیانییە وچۆتە نێو كرۆكی گیان ولە بواری بەكارهێنانی نەی وەك ڕەمزێكی سەرەكی بەرجەستەكردنی مەعنەوی گیان و كۆی ژیانی مرۆڤ كە بۆتە ئەزمونێكی گرنگ و لە پانتاییەكی فراوانی شیعری كلاسیكی كوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و لە لایەن (مەلای جزیری )دا گەیشتۆتە لوتكە، نەی وەكو ئامێر زەمینەیەكی مێژوویی قوڵی لە نێو شارستانێتییە هەمەجۆرەكاندا هەیە.بۆیە بۆ دەربڕینی كۆی نامۆیی مرۆڤ و دابڕانە هەمیشەییەكانی هەر لە ئەزەلەوە .

مەولانا هانای بۆ نەی بردووە و لە گوتاری سۆفیگەری و لە نێو فەرهەنگی سۆفیگەریدا نەی پلەوپایەیەكی تایبەتی هەیە وگوزارشت لە عیشقێكی غەمگینی نێو سروشت بە گشتی و ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی دەكات،هەروەها بە هۆی سۆزی غەریبیانەی نەی كە هەمیشە لە بیری گەڕانەوەی بۆ جیهانە ڕاستەقینەكەیدا لە نێو ناڵەیەكی ئەبەدیدا دەخولێتەوە و پەردەیەكی تەموماوی لە نێو شیعردا درووست كردووە و بۆتە بەشێكی بنچینەیی شیعر و یەكێكە لەو ڕەمزە پڕ دەلالەتانەی كە قورساییەكی لە نێو شیعرەكانی (مەلای جزیری)دا چێكردووە و چەندین دەركەوتەی جۆراوجۆر لە شیعرەكانیدا بەدیدەكرێن ،كە لە ژێر چەتری ئەم لێكۆڵینەوەیە و لەم تەوەرانەدا كۆكراونەتەوە. تەوەری یەكەم: نەی لە نێوان ئاگری عیشق و هێمنی سروشتدا. تەوەری دووەم: ڕەمزییەتی نەی لە نێو شیعری سۆفیگەرییدا. تەوەری سێیەم: نەی لە هزری مەولانا و مەلای جزیری دا.

**پەیڤێن سەرەكی**: نەی ،ڕەمز، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی،مەلای جزیری، نامۆیی

## 1.پێشەكی

سۆفیگەری ئەدەبێكی بەرهەمهێنا ، تێیدا هزرو فەلسەفەو پاڕانەوەو هانا بردن وهەستی قووڵی عیشقبوونیان خستە نێو قالبی شیعرەوە، تەنانەت ڕەوشت وهەڵسوكەوت وجیهانە قووڵەكەی ناوەوەش بوونەتە خاڵی سەرەكی ئەم ئەدەبە، كەمن ئەو شاعیرانەی بە تەواوەتی پشتیان لە ژیانی مادی كردبێت ، ولە نێو جیهانی گیانی مەعنەویدا ژیابن وهەموو ئاراستەو گرنگیدانیان بەم جیهانە بوو بێت .

سۆفیگەری لە چوارچێوەی مەعریفە مرۆڤایەتییەكان ڕەوتێكی هونەری و هزری وڕێبازێكی باوەڕبوونە و سۆفیگەری خۆی وەك بنیادێكی مەعریفی پێشكەش مرۆڤ كرد ، سەرباری ڕەوتەگیانیەكەی ، ئەوەش وایكرد كە بە گوڕو بە هێزەوە بەشداری لە بزوتنەوەی ململانێی گیانی و هزری ئایینی بە یەكەوە بكات .

شیعری سۆفیگەری خاوەن فەرهەنگی زمانی تایبەت بە خۆیەتی ئەزمونی سۆفیگەری لە تێگەیشتنیدا شێوازێكی ئاینیە تێیدا دروشمی تاكە كەسی وكۆمەڵی لە پێناو ئەوەی جەستەو گیان بەشداری لە پرۆسەی بەرجەستە كردنی حەقیقەتە گیانییەكانی كە لە ئایینە هەمەجۆرەكاندا بەدی دەكرێت ، بكەن .

ئەزموونی سۆفیگەری لە سروشتی خۆیدا ئەزموونێكی ڕەمزییەو گوزارشت لە ئەزموونی مرۆڤایەتی دەكات بۆیە زمانەكەیشی ڕەمزئامێز و ئیحاو ئیشارەت دیوە ئاشكراكەی ئەم ئەزموونە حەشار دەدات .

ئەم لێكۆڵینەوە یە كە بۆ(ڕەمزییەتی نەی لە چوارچێوەی شیعری سۆفیگەریدا) تەرخانكراوە ، لێكۆڵینەوەیەكی بەراووردكارییە لە نێوان نەی لە مەسنەوی مەولانا دا(1217–1273) ونەی لە شیعرەكانی مەلای جزیری (1568 – 1631) ، ئەم بەراووردەی دەركەوتەی نەی لە شیعرەكانی مەلای جەزیری ولە پێشەكی یەكەی مەسنەوی كە بە سروودی نەی یان ناڵەی نەی ناسراوە، وعیرفان كۆیان دەكاتەوە .

ئەم لێكۆڵینەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە كە بۆچی نەی ؟ بۆ نەی هەڵبژێردراوە بۆ دەربڕین لە قوڵاییەكانی دەروونی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەلالەتە ڕەمزییەكانی نەی و دەركەوتەكانی لە نێو سیاقە عیرفانیەكاندا ، كە بە پێی ڕێبازی شیكاری بەراووردكاری

خوێندنەوە بۆ ئەم بابەتە کراوە ولێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی دەدوێت ، بریتین لە :

1. نەی لە نێوان ئاگری عیشق وهێمنی سروشتدا .
2. ڕەمزییەتی نەی لە نێو شیعری سۆفیگەریدا .
3. نەی لە هزری مەولانا و مەلای جزیریدا .

ئەمەو دواتر گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و پوختەکەی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو لە پاڵ ئەو سەرچاوانەی بوونەتە مایەی دەوڵەمەندی بابەتەکە

## 2. تەوەری یەکەم

### 1.2. (نەی) لە نێوان ئاگری عیشق و هێمنی سروشتدا:

سروشت وناوجەرگەی سروشت گەلێ کەرەستەی سەرنج ڕاکێشی تێدا بەدی کراوە ، کە دواتر بۆتە مایەی داهێنان لای مرۆڤ .

تەنانەت پێش دروستبوونی شارستانیەتی یەکان و سەرهەڵدانییان سروشت باوەشێکی پڕ میهرەبانی مرۆڤ بووە ، هەر جوانی سروشتیش هۆکاری وەرگێڕانی جوانیەکانی بووە بۆ مۆسیقا و گۆرانی ووتن، ( بە تایبەتی ئەو دوو ئامرازە سروشتی یەی لە خودی مرۆڤدا هەیە ، گەروو و ناولەپ،هەموو ئامێرەکانی تری مرۆڤ بیریانی لێکردۆتەوەو دایهێناون ، لە سەر بنچینەی ئەم دوو ئامرازە بووە ، کە مرۆڤ توانیویەتی داهێنان بکات و داهێنانە مۆسیقاییەکانیش بە هەر سێ ڕەگەزییەوە پێش بخات کە بریتین لە ( ڕیتمی و ژێدار ، و ئامێرە هەواییەکان )[1]

بە پێی سەرهەڵدانی شارستانێتییەکان جۆری ئامێر و کەرەستەکانیش گۆڕانکاریان بەسەر هاتووە ، تەنانەت لای یۆنانیەکان سیمایەکی ئەفسانەیی وەرگرتووە ، دەگەڕێتەوە بۆ خوای هونەر (musa) .

(نەی)یان شمشاڵ یا بلوێر ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتی هەواییە و یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقییە دێرینەکان و بە درێژایی مێژوو ئامادەیی هەبووەو هەیە.

(نەی) لای ئەکەدییەکان بە (نا) ، ولای کلدانیەکان بە (نابو) ناسراوە ، ئەم ئامێرە تەنیا بۆ ئاوازە غەمگینەکان بەکارهێنراوە ، لە ئەفسانەی (عشتار وتەمموز)کاتێ عەشتار خواوەندی خۆشەویستی و شەڕ عەشیقە کوژراوەکەی دەلاوێنێتەوە و دەڵێ ( دڵم بۆتە (نا) ی غەمگین [2] .

لە (تەورات)دا هاتووە ((تۆ ئەی پادشا فەرمانت داوە کە هەر مرۆڤێك گوێ ی لە دەنگی نەی و عود و ڕەبابە وسەنتور ومزمار و(جۆرێکی نەی)، هەموو جۆرە ئاوازێك بێت، کڕنۆش بۆ پەیکەرە زێڕەکە ببات [*] .

سەرەتا ئاماژەی بە(نای) کردووە، ئەمەش گرنگی ئەم ئامێرە دیاریدەکات ، و هەندێ جار ڕەهەندێکی ئەفسانەیی پێ بەخشیوە، و هەندێ جاریتریش ڕەهەندێکی ئاینی ، هەر چەندە ئەم ڕەهەندانە ورەهەندی تر کە بەم ئامێرە بەخشرا بن، تاکو ئێستاش هاوتەریب بە ڕێرەوی مێژوویی خۆیاندا تێپەڕ دەبن، هەروەك ئەفسانەیەکی گریکی (سیلینا )وەك یەکەم شوان ئاماژەی پێ دەکرێت کە(نەی) داهێنا بێ، کە لای فیرعەونیەکان خواوەندی کێڵگەو دارستانەکان بە پێی میتۆلۆژیا ئاساییەکان،هەندێ جاریش داهێنانی (نەی) دەگەڕێتەوە بۆ (دافنیس) [**] ی شاعیرکە هەم شیعری شوانکارەیی وهەم (نەی) شوانکاریشی داهێناوە ، بۆیە بە درێژایی مێژووی شوانکارەیی لە نێو ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرەکاندا (نەی) ئامادەیی هەیە ، و یەکێکە لەو ئامێرانەی سەر بە خێزانی ئامێرە هەواییەکانن .

(نەی)یان (شمشاڵ)،شمشاد،بلوێر،بلوور لە کوردی و(نای) لە فارسی کە بە واتای قامیش دێت، ولە دارستان وئەو شوێنانەی ئاوییان زۆرە هەیە.

لە زمانی عەرەبیشدا (الناي)و(المزمار) بەکار دەهێنرێت، لە (الرسالە الشهابیە) داهاتووە ،(نای) ووشەیەکی فارسیە و بە واتای (المزمار) دێت ، بەڵام دواتر هەر (الناي) شوێنی (مزمار)ی لە عەرەبیدا گرتەوە [3] .

فارمەر لە پەرتوکی(مێژووی موسیقای عەرەبی)ئاماژەی بەوە کردووە، کە (مزمار)بە شێوەیەکی گشتی،هەموو ئەو ئامێرە دارییە هەواییانە دەوترێت، بەڵام (القصابة) بە (الناي) دەوترێت کە هاوواتاکەی لە زمانی ئینگلیزیدا (Flute – verticol)[4]، فارسەکان –هەروەك کوردەکانیش– جیاوازیان لە نێوان دوو جۆر (نەی) کردووە، یەکەمیان (السورناي – الصورناي)[***] کە نەیێکی خاوەن دەنگێکی بەرزەو زۆرە و تایبەتیشیان کردووە بە(مزمار)، جۆری دووەم کە (نەی) لای ئێمە ناسراوە و دەنگێکی نزمی هەیە ، کە پێشی دەڵێن (نای نارم ) [****].

ئەمەو (نەی) گەلێك ناوی جۆراو جۆری هەیەو بە پێی جۆری ئاوازەکەیان ناونراوە [5] .

لە نێو زمانی کوردیدا (نەی) زۆرترین ئامادەبوونی هەیە ، (نەی) لە سەرووی هەموو ئامێرەکانەوەیە وپایەیەکی بەرزو تایبەتی لە عەقڵی سەرەتایی وبیروباوەڕیاندا هەیە، تەنیا ئامێرێك نییە بۆ بەکارهێنان،بەڵکو ئامێرێکی زیندوو چالاکە وگیانی تێدایەو نهێنیەکانی ئەو گیانە دەخاتە ڕوو وەك چۆن دەیدوێنی،بۆیە بەکارهێنانی بۆ چینێکی کەم بوو،ئەوانەی دەیانتوانی نهێنیەکان بدۆزنەوە وە خاوەن پێگەیەکی پیرۆز بوون لەنێو کۆمەڵە سەرەتاکانیان هەبوو [6] .

سەرنجدان بە پەیوەندی ئەم ئامێرە بە ئایین پێویستی بە تێڕامانێنێکی قووڵ هەیە ، چونکە نەی هاوکات ڕۆڵی لە نێو ئایینە جۆراوجۆرەکانیدا هەبووە ، (پەیوەندی مۆسیقا بە ئایینە پیرۆزەکاندا بەردەوامی هەبووە و قسەکردن لە سەر (نەی)، قسەکردنە لەسەر دڵی ئەو پەیوەندییەو کرۆکەکەی[7]، لەوانەیە پەیوەندی نێوان (نەی)

و(ئایین) لە (نەی داوود)داك كە حیكمەتەكانی بە هۆی (نەی) ەی دەووتەوە وهەموو بونەوەری زەوی وئاسمان هاوئاهەنگی بوون .

سەرباری بوونی بیروڕای جیاواز لە نێو ئایینی ئیسلامدا بەرامبەر بە مۆسیقا وئامێرەكانی مۆسیقا،بەڵام (نەی)هەموو كات پایە میللیەكەی پاراستووە، لەگەڵ بوونی چەندین كۆسپ وتەگەرەشدا، بەتایبەتی لە ڕێگەی سۆفیگەرییەوە،ولە نێو جیهانی ئیسلامیدا دوای سەدەی سیانزەهەم پەیوەستبوو بە سۆفیگەری وئەم پەیوەستبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، كە لە ڕێگەی چەسپاندنی ڕێبازی مەولەوی ، مۆسیقاش بووە ڕێگەیەك بۆ دەستەبەر بوونی پەیوەندی نێوان گیان و جیهانی باڵا .

(نەی)لە سروشت لە دایك دەبێت ، واتا زیاتر سروشتیە و مرۆڤ كەمتر دەستی لە دروستكردنیدا هەیە ، بەڵام پانتاییەكی زۆر لە ژیانی مرۆڤ داگیر دەكات لە پاڵ لایەنی سۆفیگەرییدا .

(نەی)بە هۆی ئەوەی لە نێو ژیانێكی هێمن لە باوەشی سروشتدا ژیاوە و نشینگەی بووە ، بۆیە زیاتر لە هەر شتێكی تر هەست بە دابڕان و ئاگری عیشقی پڕ لە تەنهایی و غوربەت و نامۆییەكی بێ پایان دەكات ، ومەگەر كەسانێكی شاعیر بتوانن ناڵین وخەمەكانی بخەنە نێو قالبی شیعر وبیناسێنن، لەگەڵ ئەوەشدا(مەسنەوی وا خۆی پێشكەش دەكات كە پێشتر پلانی بۆ دانەنراوە ، بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆیی بێ پلان لە دایك بووە )[8] .

ئاگرە ئەم بانگی شمشاڵە نەبا     آتشت این بانگ نای نیست باد
هەرکێ نەبیێ ئاگری وا هەر نەبا     هرکه این آتش ندارد نیست باد[9]

تەنیا ئەوانەی هەست بەم ئاگرە دەكەن و هەیانە دەژین ، ئەوانی تر هیچ، ئەم ئاگرەش خوازەیی وگێڕانەوەی ناسۆرەكانی ناخی مرۆڤە،(مەلای جەزیری) خەلیفەی مەولانایە لە سوتاندا و نیشانەیشی وەك بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە هەیە دەڵێ :

صوهتم ئەز پیتا ڤینێ تیك بوام گەرد وەها
ان لي آیات صدق كان لي في هذا النبا [10]

مەلای جەزیری یەكێكە لەو شاعیرە دەگمەنانەی كە (شاب)[*****] كە بە واتای نەی دێت بەكارهێنا بێ، بەوەش فەرهەنگی هاوواتاكەی نەی فراوانتر كردووە.

## 3.تەوەری دووەم

### 1.3. ڕەمزییەتی (نەی) لە نێو شیعری سۆفیگەریدا:

وەك چۆن ئەدەبی سۆفیگەری هەڵگری چەندین بیرۆكەی فەلسەفی و تێڕوانینی هزری هەمەجۆرە و چەندین دووانە دژەكان یان بەرامبەرییەكان تێیدا مایەی سەرنجن ، ئەوا شیعری سۆفیگەری دوو هێندە پڕ ئاماژەو هێما و ئیما ...هتد وجیهانێكی ڕەمزییە .

(لە ئەزموونی سۆفیەتی دا هونەری گیان دەگوازرێتەوە نێو جەرگەی ئەزموونەكەو هەردووكیان لە كاتیەوە بەرەو هەمیشەیی هەنگاو دەنێن، سەرباری گەیشتنی هەست لە بواری ئەزموونەكە بە لوتكەی چێژ و سەرنج ڕاكێشانی گیانیی وگەیشتنی هەر یەكەیان بە سۆزێكی باڵا)[11] .

ئەمەو ئەزموونی شیعریی لە بنەڕەتدا پشت بە ((تاكێتی خودیی دەبەستێت، كە دەرفەت بۆ شاعیر دەڕەخسێنێ بڵێ — دەمەوێ شتێك دابهێنم كە كەسێكی تری جگە لە من داینەهێنا بێت ))[12] .

ئەوەش شێوازی تایبەتی شاعیر دیاری دەكات و دەبێتە ناسنامەی شاعیرەكە ، زۆر جار ڕەمز ڕۆڵی ناسینی شاعیر دەبینێت ، یان دەبێتە بەشێكی گرنگی ناسنامەكەی ، كە (تشارلز تشادویك) پێی وایە : ڕەمزییەت تەنیا جێگۆڕكێی شتێك بە شتێكی ترەوە نیە ، بەڵكو پرۆسەی بەكارهێنانی وێنەی دیاریكراوە بۆ دەربڕین لە هزری ئەبستراكت و سۆزەكان [13] .

ئەو ململانێیەی لە نێو هزرو دەروونی شاعیرە سۆفیەكاندا هەمیشە لە كێشەدان وایكردووە فەرهەنگی ئەم شاعیرانە دووانەی دژوارو هەمەجۆر لەخۆ بگرێت .كە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ، سۆفیەكان دوو بۆچوونی دژ بە یەكیان بەرامبەر خودی ژیان و دنیا هەیە ، بریتین لە :

1. ئەرێنی : بەوەی مرۆڤ هاتوتە ژیان و جیلوەی خودای تێدایە .
2. نەرێنی : ژیان ودنیا مایەی ئازارو وخەم و نەهامەتین لە ئاكامی دابڕان و شكست و جیابونەوە ...هتد .

دووانەییەكان بوونە هۆی (داهێنانی فەرهەنگێكی تایبەت لەسەر بنچینەی ڕەمزی سۆفێتی و شاراوەییەكانی زمانی سۆفیگەری ، ئامانجی لە تەم ومژییەكانی ئەوەیە زاراوەكانی لەنێو پەیڕەوكەرەكانی بە ڕوونی بمێننەوە ))[14] ، تەنیا لە چوارچێوە ئەوانەی لە شكۆی ئەم جۆرە شیعرە تێدەگەن ونهێنیەكانی دەپارێزن و (زۆرترین سەركەوتنی شێوەكانی ڕەمز لە ئاكامی تێكەڵكردنی بەرجەستەكراو یا حەقیقەتی بەرجەستەكراو بە ئەبستراكت یا میزاجی ناوەوە یا لە نێوان واقیع و میسالیدا )[15] .

شاعیرە سۆفیەكان چەندین هۆكاریان هەبووە بۆ هانا بردنە بەر ڕەمز، گرنگترینیان:

1. پاراستنی نهێنی خودایی و حەقیقەتە پەیوەستەكان بە خواوە كە لەلایەن خوداوە لە نێو دڵەكانیاندا دانراوە ، وجگە لە خۆشەویستانی خوا كەسانی دیكە نایزانن ، بۆیە دەبوو ئەم نهێنی یانە لەبەردەم گشتدا داپۆشرێن [16].
2. تێنەگەیشتن ، یان بە هەڵە لێكدانەوەی دەربڕینەكانیان خاڵێكی گرنگی بەكار هێنانی شێوازی ڕەمزییە لەم جۆرە شیعرەدا ، بە تایبەتی لە پێناو مانەوەو پاراستنی گیانیان .
3. هەروەك نیكلسۆن ئاماژەی پێكردووە شاعیرە سۆفیەكان هیچ ڕێگەیەكی تریان نەدۆزیوەتەوە شیاو بێت بۆ وەرگێڕانی وەرزشە

سۆفییەکان و دەربڕینیان کە لە واتاو وێنەی قووڵترین لەوانەی بە ئاشکرا بەدی دەهێنرێن [17].

4. ئەگەر دەربڕین بە قالبی شیعری پێویستی بە برێك ڕەمز هەبێت، ئەوا شیعری سۆفێتی دوو هێندە پێویستی پێ دەبێت ، چونکە بەندە بە دەربڕین لە قوڵاییەکانی دەروون لە لایەك و لە لایەکی ترەوە دەربڕین لە پەیوەندییە باڵاکان و لەگەڵ خودێکی مەزنی وەك خوادا دەدوێن .

سیمای ڕەمزیش سیمایەکی سۆفێتی هەیە ، کاتێ خوا بە زەکەریا دەڵێت " قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ" آل عمران: ٤١ ، مەرجی بە هێما مامەڵەکردن دەمانگەیەنێتە ئەوەی هێما و ڕەمز و نیشانەو و خواستن کەرەستە بنچینەکانی زمانی شیعری سۆفیگەری پێك دەهێنن ، هەر چەندە ڕەمز لە ئیشارەت باڵاترە ، چونکە ڕەمز هەموو جۆری خوازەو لێکچون و خواستن دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە واتاییە ئاڵۆزانەی لە نێوان شتەکان لەگەڵ یەکدا دەینوێنن بەدی دەکرێت ، بەڵام ئیشارەت بە تەنیا یەك دەلالەتی هەیە وهەمە جۆری هەڵناگرێت .

هەرچەندە ئیشارەت لای سۆفیەکان جیاوازەو بە زانستی ئیشارەت دەناسرێت و چەمك و بەخششەکانی تەم ومژاوین، دەربڕینی ئیشارەت ئامێز باڵایی و ڕێ و شوێنەکانی دەپارێزێت، ئیشارەت ڕەمز لە باوەش دەگرێت وەك پەیوەندی هەموویی بە پاژەیی یا پەیوەندی گشتی بە تایبەتی[18].

جیاوازی ڕەمزییەت لە لای شاعیرە سۆفیەکان لەگەڵ ئەوانەی تردا ئەوەیە سۆفیەکان گوزارشت لە ئەزموونە دەروونییە باڵاکانیان بە زمانی شتە هەستپێکراوەکان دەکەن، چەشنی مەی وخۆشەویستی،سروشت ...هتد [19] ، واتای ڕەمز واتاییەکی ناوەکییەو لە ژێر دەربڕینێکی ئاشکرا هەڵگیراوە ، تەنیا ئەوانەی سەر بەو زانستەن لێ یان تێ دەگەن [20].

(نەی) وەکو ڕەمز پانتاییەکی فراوانی لە نێو شیعر بە گشتی و شعری سۆفیگەری بە تایبەتی گرتووە ، لە نێو شیعری کلاسیکی کوردی چەندین دەرکەوتەی ئەم ڕەمزە بەدی دەکرێت .(نەی) هەڵگری گەلێك ڕەهەندی هەمەجۆرە وەك :

1. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

لە دابڕان و جیابوونەوە ونامۆیی و هەستکردن بە قوڵایی دوورییەکان لە مەڵبەند و نیشتمانی خۆی

2. ڕەهەندی ئایینی :پیرۆزی و وەفا و تامەزرۆیی گیانیی
3. ڕەهەندی ڕەوشتی: میسالیەت لە ڕەوشتدا وپابەندبوون بە ڕێنماییە ڕەوشتییە ڕەسەنەکان .

بۆیە کۆدی سیمیۆلۆژی (نەی) لای سۆفیەکان بۆتە ڕەمزی مرۆڤ کاتێ لە ڕەسەنییە باڵاکەی دادەبڕێ وتامەزرۆی گەڕانەوەیەتی [21].

جگە لەوەی کە ڕەمزی (نەی) ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە نێو شیعری کلاسیکیدا هەبووە ، لە شیعری نوێ وهاوچەرخیشدا نەك هەر بەردەوامیی هەیە ، بەڵکو گەلێ جار سێبەری قەسیدەی (نەی)ی پێشەکیەکەی (مەسنەوی)ی مەولانا بە تەواوی بەرگێکی بۆ شیعر دروستکردووە کە چاکترین نمونەی دیاری نێو شیعر (ناڵەی جودایی)ەکەی (هێمن)ی شاعیرە .

(نەی) وەك ڕەمزێك لە سێ بواردا کار دەکات کە بریتین لە [22] :

1. نەی و سەماع: سیاقێکە بۆ دەرەوە
2. نەی و فوو کردن: سیاقێکە بۆ ناوەوە
3. نەی و عیشق و سروشت: کۆکەرەوەی دەرەوەو ناوەوەیە و بە یەکیان دەبەستێتەوە .

سەنتەری ڕاستەقینەی ئەم سێ بوارە خودی گیانیی مرۆڤە و شیعری سۆفیگەریش شیعرێکی خودی گیانییە ، ئەمەو لە کاتێکدا شاعیر جارێکیان بە هۆی شیعرەوە دەچێتەوە سەر سەرچاوەی خودییە گیانییەکە ، وجارێکی تریش بە هۆی سۆفێتی یەکەیەوە دەچێتە سەر هەمان سەرچاوە بە واتایەکی تر شاعیری سۆڤی بە تەواوی لە نێو جیهانە گیانییەکەیدا دەژیت بۆیە تێیدا (ڕەگەزی خودیی دەسەڵاتدارە بەمەش ناچێتە بواری هیچ یەك لە بڕیارەکانی ئاوەزو پێوەری شیعری سۆزداری ئاسایی ، چونکە وەسفێکن بۆ ئەزمونێکی ناوەکی ناوازەکە تەنیا سۆفیەکان پێیدا تێپەڕ دەبن )[23].

کەرەستەی سەرەکی لای شاعیرە سۆفیەکان لە چوارچێوەی شیعری عەرەبیدا دوو جەمسەری مەی و ژن زیاتر ئاماژەیان پێکراوە وەك دوو ڕەمزی ئامادەبووی هەمیشە لە نێو شیعری سۆفیگەریدا.

بەڵام مۆسیقا وکەرەستەو ئامێرە مۆسیقیەکانیش دەشێ لەگەڵ ئەم دوانەدا سێکوچکەیەکی ڕەمزی دەربڕین و وەرگێڕانی نهێنییەکانیان بێت.

نالی (1800–1856) بە دەست دەردو ئازارو ژانی دووری وەك نمونەی ناڵەی شمشاڵی لێ هاتووە ولە ژێر کاریگەری (نەی)ەکەی مەولانادا دەڵێ :

دڵ موزمەحیلی دەردە وەك دیدە لە نمدا
حەیران وپەرێشانە وەکو قەترە لە یەمـدا
نالی مەسەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمـدا
وەك ناڵە لە(نەی)دا وەکو ناڵە لە قەلەمدا[24]

نالی هەمیشە چێژی هیجرانی کردووە ، لە دوو لاوە جیابونەوە دەوری داوە یەکێکیان جیابونەوەی خۆشەویستی و دووەمیشیان جیابوونەوەی لە وڵات و هەستکردن بە نامۆیی و تەنیایی وئارەزووی دیدار ، بڵێسەی ئاگری دەروونی گەشتر کردووە وتەنیا چارەی داواکردنی خۆڕاگریە لە یەزدان ، چونکە دڵی چەشنی نەی کون کونە:

لەت لەت وکون کون بوە دڵ وا لە شەوقی شیرەکەت
ڕۆحەکەم دێت ودەچێ داخۆ لە کـامـیان دێتـە دەر [25]

لای مەحوی (1837 – 1906) (نەی) هەرایەکی وا دروست دەکات لە شێوەی ڕۆژی حەشر هەر کاتێ (نەیژەن)بیەوێ سەربوردەی گیان بگێڕێتەوە ، بۆیە دەڵێ :

دەمدەمەی ئەم حەشرە هەستان ئەم دەمە یا ڕەب چ بوو

لێوی نەی ژەن گەییە نەی ، دەف زەن کە پەنجەی گەییە دەف [26]

تەنانەت ناوەوەی شاعیر پڕیەتی لە ئارەزوو و تامەزرۆیی و عیشقێکی بێ پایان ، ودلبەر شوێنێ شك نابات بۆ مانەوەی :

بێمە کوێ ؟ دلبەر ووتی :گەر چاوە گۆفانێکی ئەشك

دڵ تەنوری ئاگری عیشق و خورۆشی ئـیـشـتـیاق[27]

صافی هیرانی (1873 – 1942) زیاتر لە شاعیرەکانی تر لە نێو شیعرەکانیدا ، کەشێکی سۆفیگەری و حەلقەی زیکر و باڵابوون بەرەو زاتی خودایی پێکهێناوە و هەمیشە هانا بۆ مۆسیقاو موتریب دەبات، دەڵێ :

غەمی هیجرانی تاکەی بێ صەدای نەی موطریبـا سادەی

بەیات وشوور ماهوور و قەزاز ودەستگایێ بێ

بە بێ ئاوازی تو ئەصلا نییە چارەی دڵی شەیدا

دەخیل دەنگی صەبا و ڕاست وحیجاز وچارگایێ بێ[28]

صافی خۆی لە نێو گۆرانی گەردوندا دۆزیوەتەوەو مەستی جوانیەکان و مەستی عیشقی ئیلاهی خستویەتیە حاڵەتێکی پەرێشانی ، (نەی)لای شاعیر بۆتە ڕەمزی گەیشتن بە خواستەکانی بۆیە دەڵێ :

ئەی موطریبـي حەریفان دەستکە بە نەغمەخوانی

ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی

بەزمت شیفایە سادەی بۆم لێدە بوربوگ ونەی

ئەو دەردی دڵ هەتا کەی چی ماوە عومری فانی ؟

تا عاجزیمە تەی بێ ڕووکەینە شادومانی

موطریب بە سازو نەی بێ ساقی بە جامی مەی بێ

ڕەنگ وهەوایی تۆیە دەنگ و صەدایی تۆیە

کەیف وصەفایی تۆیە بۆ عەیشی جاویدانی [29]

شاعیر ئەیەوێ هاوسەنگی بە بەشداری نەی و مەی دروست بکات، وژیانی هەمیشەیی لە نێو زیکری سەماو دەنگی مۆسیقا بەدی دەکات وعیشقی پەنگ خواردووی دەروونی ئازادانە ڕێڕەوی سروشتی خۆی دەگرێت ، (نەی) لای (صافی)ی شاعیر و سۆفی چارەسەرە ، هەرچەندە شاعیر لە شیعرێکی بە زمانی فارسی کە (16) بەیت وەکو وەڵامێك بۆ (نەی) ەکەی مەولانا سەرنج دەدرێت، هاوکێشەکەی پێچەوانەکردۆتەوە و لە بری (نەی) ڕاستەوخۆ (دڵ)ی کردۆتە ئەو ناوەندەی مایەی بایەخ و گوێ لێگرتنە لە سەر هەمان کێشی مەسنەوی (ڕەمەلی شەشی مەحزوف – مەقصور) داناوەو دەڵێ :

مشنو از نی این حکایتهای خام

راز خود گوید به پیش خاص وعام

از جفای یار خود زاری کند

قصه أیام غمخواری کند (30)

ئەگەر مەولانا خەڵکان هان دەدات بۆ گوێ گرتن لە چیرۆك وبەسەرهاتی غەمناکی نەی ، صافی خەڵکان هان دەدات بە گوێ نەگرتن ، تەنیا گوێ گرتن لە دڵ ، چونکە پێی وایە هەستەکان لە قوڵایی دڵدا حیکایەتی خۆیان دەگێڕنەوە : دەڵێ :

بشنو از دل محرم عشاق اوست

هم فرح افزای هر مشتاق اوست[31]

هۆکاری ئەوەیشی ڕوونکردۆتەوە بۆ (دڵ) ی هەڵبژاردووە و دەڵێ:

دل همیشه جلوەگای رحمت است

مظهر نور چیایی وحدت است [32]

بەوەش ناوەستێ هەر خودی دڵ بە کتێب دەچوێنێ ، ئەو کتێبە ناوازە پڕ حیکمەتەی ژیان ، کە لە توانایيدا هەیە مرۆڤ هۆشیار بکاتەوە بۆیە لە بەیتەکانی کۆتاییدا هاتووە :

أز کتاب دل حکمها گوش دار

تا شوی زین کنە عالم هوشیار

صافی از حالات دل داد این پیام

گوش کن گر هوش داری والسلام [33]

پەیامەکان لای هەردوو شاعیر (مەولانا و صافی) یەکن ، بەڵام لای مەولانا (نەی) دەبێتە ناوەندێك بۆ دەربڕین و وەرگێڕانی هەستە قوڵەکانی نێو دڵ و دەروون و ئاشکراکردنییان ، بەڵام لای صافی هەر یەکسەر دڵ خۆی هەمووە و خۆیشی پەیامەکەی بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە بڵاو دەکاتەوە و پێویستی بە هیچ ئامرازو کەرەستەیەك نییە تا بە هۆیەوە پەیامەکەی بگەیەنێت(*****) ،ئەمانە تەنیا مشتێکن لە خەرواریك ، ئەگەرنا تارمایی دەقەکەی مەولانا پانتایی زیاتری لە نێو شیعری کوردی بە گشتی و شیعری سۆفیگەری بە تایبەتی داگیر کردووە .

## 4.تەوەری سێیەم

### 1.4.نەی لە هزری مەولانا و مەلای جزیری دا:

مەسنەوی نۆبەرە بەرهەمی مەولانا و بڵاوترینیانە، لە سەرکێشی ڕەمەلی شەشی مەحزوف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلات) بۆ هەر نیوە دێرێك دانراوە ، بە هۆی دوورو درێژی بابەتی شیعریەکەی بە جووت قافیە ڕێکخراوە .

مەسنەوی لە شەش بەرگ و لە نزیکەی (26000) بەیتی شیعری پێکهاتووە ، هاوشێوەی کتێبی (حدیقە الحقیقە) ی سنائی و (منگق الگیر )شێخ عەتتار نوسراوە [34]، و ئەم بەرهەمەی سەدایەکی زۆری هەبوە وهەیە ودەقێکی زیندووی چالاکە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە و(زیکرو سەما(سەماع)ی مەولەوی ، پێ بە پێی ئاوازی ئەو نایە دەڕوا، هەروەها لەگەڵیدا تەپڵیش لێ دەدرێت و بە دەنگەوە شیعر دەخوێندرێتەوە)[35]

(گۆرانی نەی) یان (شیعری نەی) یان (سرودی نەی)ئەو هەژدە بەیتەی پێشەکیەی مەسنەوی کە مەولانا گرنگی مۆسیقاو کاریگەری لەسەر دەروون ئەو ئەرکەی نەی لە سرووتەکاندا ئەنجامی دەدات زانیوە [*].

(نەی) ی مەولانا هەڵگری ڕەمزێکی میسالییە بۆ دەروون و ، بە هیچ شێوەیەك ووشە نادرکێنێ تەنیا لەو کاتەدا نەبێت ، کە لێوی مەعشوقی پێ دەکەوێت ، و هەناسەی ڕێبەری گیانیی دەیجوڵێنی[36].

هەر ئەوەشە مەسنەوی دەکاتە پێشەنگی بەرهەمە عیرفانیەکان ، چونکە لە مەسنەویدا (ئەودیو هۆشیاری) یا (هۆشیاری خوایی) یا گەیشتنی عاریف بە (منی دەوردراو) یان (ئەودیو من) بەدی دەکرێت)[37].

زۆرترین بەکارهێنانی (نەی) وەك ڕەمزێك لە لایەن (مەلای جزیری) بەرهەم هاتووە، لە کاتێکدا هەر خودی شیعرەکانی جزیری کەشێکی پڕ لە ئاهەنگ لە خۆ دەگرێت ، لە پاڵ نەی چەندین ئامێری تری مۆسیقی ئامادەییان هەیە ، چونکە (نەی) ڕۆمی هەمیشە ڕێڕەوی بزوتنەوەی گۆڕانکاری مێژوویی لە لایەك و لە ژێر ڕۆشنایی جیاکاری تایبەتمەندی ڕۆشنبیریە نەتەوەییەکان لە لایەکی ترەوە دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە))[38].

مەلای جزیری پێشەنگەو لە زۆربەی شیعرەکانیدا تارمایی مەسنەوی بەدی دەکرێت ، هەر چەندە لای مەولانا (نەی) قەسیدەیەکی کامل و تەواوە، بەڵام لای جزیری بەسەر شیعرەکانیدا دابەشکراوە ، بەهۆی ئەوەی جزیری هەموو کات هەوڵی داوە چرکە ساتی جوانیی بخاتە گەردەنی شیعرەکانی و هەموو توانا هونەرییەکانی بخاتە گەڕ بۆ گەیشتن بە چرکە ساتی تێکەڵبوونی تەواو لەگەڵ مەعشوق ، بۆیە هانا بردن بۆ کەرەستەکانی مۆسیقا و کەرەستەکانی مەستبوون وەك دوو هێڵی هاوتەریب لە قوڵایی تامەزرۆییەکانی شاعیر بوون ، بە مەبەستی گەیاندنی ئەزموون و کرۆکی هەستەکان بۆ دەربڕین لە عیشقی بێ پایانی خوایی .

(دەنگی ڕیتم و ئەنجامدانی جولەی سەمایی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دەروونی مرۆڤدا هەیە ، و لە جیهانی بوونی سروشتی دەیباتە جیهانی غەیبی یا جیهانی ئەودیو سروشت (میتافیزیکی) ئەم گواستنەوەیە لە ڕاستیدا گواستنەوەیەکی گیانیی وهزرییە لە هەمان کاتدا نەك جەستەیی)[39].

ئەگەر مەولانا لە ڕێگەی (گوێ بگرە)کە کلیلی هەموو قەسیدەکەیەتی دەرگای عیشقی خوایی کردبێتەوە ، کە (بیستن لە تەسەوف دا باشتر وخوازراو ترە لە بینین ، لە فەرهەنگی تەسەوفدا گوێ باشتر و گرنگتر و بە نرخترە لە چاو ، نەبیستنی پەیامی پەروەردگار گەورەترین زیان وبێ بەشبوونە ، گوێ سەنتەری بیستن و وەرگرتنی گوتاری ئیلاهیە ، گەر گوێ نابیست بێت ، ئیتر چۆن مرۆڤ لە پەیامی ئیلاهی دەگات ؟ زیاتر لەوەش بیستن مەرجی بنەڕەتی گەیاندنە )[40].

ئەوا(مەلای جزیری)یش لە ئاکامی بیستنە گیانییەکانی هەمیشە لە سەمای ئەزەلی سوڕاوەتەوە،کە سەما لای سۆفیەکان چۆتە پایەی نوێژکردن[**]

مەولانا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە بە هۆی مۆسیقاوە دەگاتە بەرزترین پێگە گیانییەکان ، پەیوەندی بە مۆسیقا دەیگەیێنێتە خودا ، بۆیە لە (مەسنەوی)دا گوزارشت لە عیشقی خودایی و ئەو پەیوەستبوونە گیانییە لەگەڵ خوادا دەکات .

مەولانا لە قەسیدەی (نەی) دا باشترین ئەوەی گوزارشت لە حاڵی ڕاستەقینەی بکات ، لەو ئامێرە مۆسیقیەدا دۆزیوەتەوە ، چونکە هەردووکیان دووچاری جیابوونەوە لە نشینگەی خۆیان بوونەتەوە [41].

بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری دووری و ناڵینی هەمیشەیی جودایی ڕێگەی سەما و مۆسیقا و ووتنەوەی شیعریان هەڵبژاردووە ، چونکە هەر خۆی ڕێبازی مەولەوی لە سێ ڕەگەز پێکهاتووە:( مۆسیقا و سەما و ووتنەوەی شیعر) ئەم سێ ڕەگەزە تەواوکەری یەکترن و لە نێو تەسەوفدا بالآبوونی مرۆڤن ونزیکبوونەویانە لە خوا بە تایبەتی سەما کە ئازادکردنی جەستەیە ، و ژیانە لە نێو سەربەستی یەکی ڕەهادا ، و سەربەستیش مرۆڤ لە کۆت و پێوەندییەکانی ژیانی ماددی ڕزگار دەکات و دەیخاتە نێو چێژی بێ پایانی ئاسوودەیەکی گیانی ، ئەمەو لە کاتێکدا (بەکارهێنانە خوازەییەکانی زمان گشتیان ئامانجیان فراوانکردنی کێڵگەی دەلالی و چۆنیەتی ئەگەریی دەقەکەی کە تێدا بەکار دەهێنرێن )[42].

هەر خودی شیعرەکانی (مەلا) سەما و ئاهەنگیشن لە هەمان کاتدا بۆیە ئەم کێڵگە بە بەڵگەی واتاییەشی فراوانترە [***] مەلای جەزیری زیاتر لە شاعیرەکانی تر هونەری (کەرتکردن — التشگیر) ی وەك لایەنی جوانکاری بەکارهێناوە وەك :

مەستان مەستان نۆشا نۆش

قەرقەف د جامان هاتە جۆش

مادێ بمینت کەس لە هۆش

وەقتێ کۆبین دوردانە ڕەقص [43]

مەلا لە هاوکێشەی ژیاندا هیلاکی وناڕەحەتی عیشق و ناڵە ناڵی هەمیشەیی هەڵبژاردووە ، ڕازەکانی لە نێو دڵدا بە شێوەیەك حەشارداوە ، و لە ژێر ڕەمزی (نەی) کۆیانی کردۆتەوە:

ڕەمزو ڕازێن نەی و نایێ کو سەماعینە هەمی

ژ مەحالا تە ب عەقلێ خوە بزانی ژ قیاس [44]

ئەگەر چێژ وەرگرتن دوای ئازار بە دەستبێت، ئەوا بە هێزتر دەبێت ، و هەستی دەروونیش کامڵتر دەبێت [45]، واتە مەلای جزیری هەموو ئەو قۆناغانەی تەی کردووە ، تا بگاتە ئامانجە بنچینەییەکەی ، ئەمە

لە لایەك ولە لایەكی ترەوە (زمانی شیعری سۆفێتی زمانێكە قورسایی باری ئەم ئەزموونە ناوازەیە هەڵدەگرێت ، هەڵگری ئەو ئازار و كۆتانەیە كە پیاوانی ئەم ڕێگەیە دووچاری دەبن و پێیدا دەڕۆن لە كۆششی بەردەوامیان بەرەو كاملبوون ، بە بەیەكگەیشتنی لەگەڵ ڕەهادا )[46].

ئەزموونیش لە نێو دڵدایە كە دڵ لای سۆفیەكان شوێنی دۆزینەوە و ئیلهام و ئامرازی مەعریفەو سەنتەری زانینەكانە و ئەو ئاوێنەیە كە لەسەر ڕووەكەیدا واتاكانی غەیب دەردەكەوێت ، ئینجا دڵێكی وەكو هی مەلای جزیری لێوانلێو بووە لە عیشق وجوانی ولە دوو بازنەی سەرەكی سوڕاونەتەوە :

1. مەستی هەستی : بەبەكارهێنانی كەرەستەی مەستی ماددی نموونەی: كێڵگە واتاییەكانی مەستبوون و كەرەستەكانی لەپاڵ مۆسیقا وكەرەستەكانی كە لێكدان ئەم دووانە بە دیوەكانی جوانییان ناساندووە.

2. غەزەلی هەستی :وەسفی یارو پادشا وەك ڕەمزی خواوەندو هەموو ئەو ووشەو دەستەواژانەی پەیوەندییان بەم پانتاییەوە هەیە دەكات ، شاعیری سۆفی غەزەل دەكاتە ڕەمزێك كاتێ بە دوای مەعشوق دا دەگەڕێت ، خواردنەوە و مەستیش دەكاتە ڕەمزێك كاتێ گوزارشت لە لوتكەی گەیشتن بە خۆشییەكانی خۆشەویست دەكات .

(نەی) تەمسیلی هەردوو بازنەكە دەكات چونكە لە ڕاستیدا ((دەنگی بە سوێی نەی دەنگی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤە ، هەر ئەمە ئەو هۆكارەیشە كە دەنگی نەی عیشق و وەجدی نێو ناخی بیسەرانی دەوروژێنێت) [47]

شاعیری سۆفی بە قوڵایی ناخیدا دەڕوانێت و ڕاستگۆیانە گوزارشت لەو حاڵەت و ئەزموونە تایبەتییە لە ڕێگەی هەستەكانییەوە دەكات ، دەنگی نەی وەرگێڕانی ناخی شاعیر خۆیەتی چونكە ((ئەو ناڵینە تەنیا لە ئاكامی ئەو فووانەی لە (نەی) ەكەدا دەكرێت ، و دەنگ دەردەكات نییە ، بەڵكو لە ڕاستیدا ئاگرەكە دەروون لە پیسی وخراپەكانی پاكدەكاتەوە ئەوەیە كە هەموو شتێك لە دڵدا دەسوتێنی وهیچ نامینێ جگە لە خودا نەبێت ))[48].

لە نێو فەرهەنگی هەردوو شاعیردا ئەم حاڵەتە بەدی دەكرێت ، مەولانا دەڵێ :

مرده بدم زنده شدم گريه بدم خنده شدم

دولت عشق آمد ومن دولت پاينده شدم [49]

بە واتای خاوبوم ، پێگەیشتم ، وئیستاش دەسوتێم ،سوتانەكە قۆناغی كۆتایی و هەمیشەییە ، شاعیر لەم قۆناغەدا چەسپاوە ،(مەلای جزیری)ش گەیشتۆتە ئەم قۆناغە و دەڵێ :

شوبهەتی چەنگی دنالم هیژ ژدەست داغا قدیم

هەر وەكی مەشعەل دسۆژم دوست نزام ئاگەهییە [50]

نەی لای (مەولانا)عیشق ومەعریفەیە، عیشق و مەعریفەی عیرفانی یەك شتن ، هەردووكیان هۆكارو هەردووكیشیان ئاگر هەڵدەكەن، هەموو شتێك پاكدەبێتەوە ودەبێتە هێزێكی بزوێنەر بەرەو مەعشوق [51]

ناڵەی شمشاڵ لەبەر ئەوەیە لە قامیشەلان دابڕاوە ، ئەوە هەر تامەزرۆیی نییە بۆ زێدو بۆ ڕەگ وریشە ، ئەوە دركاندنی نهێنی یەكێتی بوونیشە[52].

بە واتای دەربڕین لەو دابڕان و تامەزرۆییە چەندین ئەركی تریشی خستۆتە پاڵ(نەی) وشۆڕبوونەوە بە ناخیدا مەعریفەی تر بەدەستەوە دەدات.

هەرچەندە مەولانا (باس لەو گەڕانەوەی ڕۆح و هەستكردن و نەوای ناڵەی دووری ڕۆحی مرۆڤە بۆ سەرەتای دروستبوون و نیشتمانی بنەڕەتی دەكات، پێی وایە (نەی) ئەو ئاوازە غەمگینەی كە لێوەی دەردەچێت ، ئەوە باسی غوربەت ودووری خۆی دەكات لە نیشتمانی خۆی كە قامیشەلانە )[53]

(مەولانا) دوای دابڕانی لە (شەمس تەبرێزی)بە هۆی كۆچییەوە ، بە تەواوی هەستی بۆ ناڵینەكانی دەروونی ڕاگرتووە ، وقووڵی برینەكانی وەرگێڕاوە بۆ شیعر (مەلای جزیری)یش جیهانی عیشقی خوازەیی سەلما فێری چەندین ناڵەی هەمەچەشن وسووتانی كردووە بۆ ئەوەی ئەم شاعیرە سۆفییەی لێ دروست ببێت .

(نەی) وەكو جەستەیەكی مرۆیی یەو فووكردنەكەش واتا دانانی گیان لە جەستەی ئادەمدا كە دوای ئەوەی لە بەهەشت دابڕاو و هاتە دنیا ، تامەزرۆیی زۆرتری گەڕانەوەیەتی ))[54].

هەردوو شاعیر تامەزرۆیی گەیشتنیانە بە حەقیقەتی عیرفانی كە لە میانی چەند پەیوەندییەكی دووانەیی لە نێو ئەم ڕێڕەوی گەیشتنە بە حەقیقەتی عیرفانی بەدی دەكرێت :

1. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتی باڵا (خوا)
2. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ گەردووندا
3. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا

مەولانا لەسەر زەوی بوو ، بەڵام بە هۆی ناسینی شەمسی تەبریزی و دەستگرتنی چیتر تەنیا جەستەی نەبێت ، لەسەر زەوی نەدەژیا ، هەمیشە لە باوەشی گەردوون وسەركەوتنی بوو بە پێپلیكانەكانی سۆفێتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی باڵا ، بە واتای ( ئەم عیشقە – عیشقی شەمس – جولاندنی تا ئەم نهێنی یانە درك پێ بكات و ئاشكرایان بكات))[55].

چونكە ئەم گۆڕانییە [***] چیرۆكە پرپەتی لە نهێنی عیرفانی و لایەنە گرنگەكانی بریتین لە : مرۆڤی كامل ،عیشق ، یەكێتی بوون ، فەناومانەوە، ڕێڕەوی مرۆڤ ، سەركەوتن وهاتنە خوارەوە، گەڕانەوە بۆ لای خوا ...هتد)) [56]

تەنانەت هەموو فەزڵ و چاکەیەك دەدرێتە پاڵ نەیژەن وەك مرۆڤ نەك خودی نەیەکە ، چونکە وەك لە ڕاڤەی پێشەکیەکەی مەسنەویدا هاتووە:

هەموو ئەوانە هی نەیژەنن ، نەك هی نەی

لەبەر ئەوەی نەی کە قامیشە ، خۆی لە خۆیدا نابووتە

ئەو مەقامات و پەردانەی وا لە نەی دان

دەست و نەفسی نەیژەن هاوردوونی

کونی نەی ، بە دەستی نەیژەن دەبەسترێت و دەکرێتەوە

ئەوە نەیژەن بوو قامیشی لە قامیشەڵان بڕی

کون کونی کردوو تێی تواند

پەردەو سۆزوو سازو

هەواو ئاوازو ڕاز هەمووی

بیسەرە تەنیا ڕواڵەتەکەیانی لە زمانی نەی ژنەفت [57]

ئەم حاڵەتە پەیوەندی تەواوکەری نێوان مرۆڤ و گەردوون دیاریدەکات ، کە کۆنترۆڵی بابەتەکان بە دەستی مرۆڤەیە و سروشتی بۆ ڕەخسێنراوە تا بە عەقل ئامرازەکانی ناسینی خوا بدۆزێتەوە

ئەوەی مەلای جزیری لە مەولانا جیا دەکاتەوە ، نەی و بەسەرهاتی (نەی) لای مەولانا قەسیدەیەکی سەربەخۆیە ، بەڵام لای مەلای جەزیری بێجگە لەوەی (نەی) بە جیا بەکارهێنراوە ، کەچی زۆر جاری تر مەلای جزیری قەناعەتی تەنیا بە (نەی) نەهاتوە و چەند ئامێرێکی تریشی لە گەڵیاندا بەکارهێناوە وەك :

نەی و قانون ورەباب ، نای و دەف و قانون و چەنگ[****]

قانون و ڕەباب ، ساز ، دەف و تەنبور و چەنگ ، جۆقا صۆفیان

تەنانەت (سەما)ش بە هەمان شێوە کەمجار بە تەنیا هاتووە : زیاتر (ڕەقص وسەما) وەك هاوواتا بۆ جەختکردنەوە یا (گۆڤەند و ڕەقص وحەلقە )

وەك : ژ حافظ قوتبێ شیرازێ : مەلا فەهم ئەربکی رازێ

ب ئاوازێ نەی و سازێ ببـی بەر چەرخێ پەراوزێ

وەك : تزد من حبه الصفوى بە أهل الهوى نشوى

متى ما تلق من تهوى دع الدنيا وأهملها [58]

وەك : ئیرۆ ل عومری خوەی تەلەف بی شاهد و جاما صەدەف

بێ چەنگ وساز و نەی و دەف زانم پەشیمانی مەلا [59]

وەك : دێ بشارەت ژ ئیشارەت ژ نەیێ بینە سەماع

تو ژ نایێ و سەمایێ بکە باوەڕ مەکە بحپ [60]

پەیوەستە تو هەر بانگی مە کی شوبهەتی نەی

بێ یارو مەی و ساز وەکو نایم ئەز [61]

## 5.ئەنجامەکان

_ شیعری سۆفیگەری بنیادێکی زمانیی داخراوی یا نیمچە داخراوی هەیە،بە هۆی بە کاربردنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئیشارەت و ڕەمز وسەرچاوە ڕەمزییەکان ، (نەی) وەکو ڕەمزێکی سەرەکی نوێنەری ڕیتمی غەمگینی و نامۆیی ژیانی مرۆڤە.

_ هزری هەردوو شاعیر و کرۆکی هزرەکەیان لە ناوەوەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە،مەولانا هەموو شتێك دەگێڕێتەوە بۆ خودی ناوەوەی مرۆڤ و(مەلای جزیری)یش سەرچاوەی سەرەکی لە ناخی مرۆڤدا بەدیدەکات، بۆیە هەردووکییان (نەی)یان کردۆتە ئەو ئامراز و ئامێرە گرنگەی دەربڕ و وەرگێڕی ناوەوەو ئاشکراکردنی هەستەکانییان.

_هەردوو شاعیر لە نێو کەشێکی سۆفیگەری دەوردراو بە مۆسیقا و زیکرو سەماعدا لە نێوڕوناکیەکی ئەزەلی تیشکی خوادا بە هاوکاری مۆسیقا ژیاون،هەر ئەو ڕیتمەش بۆتە ئەو ڕێگەیەی ئەوانی بە ناسینی خوا گەیاندووە.

_ نەی هەم وەك مۆسیقا و هەمیش وەك ڕەمزی ئازاری دووری وجیابوونەوە وهەستکردن بە تەنیایی و نامۆبوون وئەو جولە سۆفێتیانەی لەگەڵیدان،ئامرازێك بووە ،ئامرازێك بووە بۆ شکاندنی کۆتەکانی ژیانی ماددی و گەڕانەوە بۆ مەڵبەندی گیان و جوانییە ڕەهاکان کە ئامانجی سەرەکی هەر یەك لە مەولانا و جزیری بوون و بە هۆی دەقە شیعریی وبە پراکتیکردنییان چێژیان لێوەرگرتووە.

_(نەی) هاودەمی هەردوو شاعیر بووە وهەردووکیان بە پایەکانی حیکمەت وڕۆشنی وعیشق وعەدەمدا تێپەڕ بوون و لە هەموو ئەو پایانەدا(نەی)ئامادەیی هەمیشەیی هەبووە ویارمەتی دەربڕینی داون و زمانحاڵییان بووە.

_(نەی) لای مەولانا هەمووە ،بۆیە (نەی )بۆتە کۆد وکلیلی مەسنەوییەکەی ،بەڵام لای مەلای جزیری بابەتێکی سەربەخۆ نییە،هەرچەندە ئەم ڕەمزە بە دەلالەتی هەمەجۆر لە نێو بەشێکی شیعرەکانی جزیری دائامادەیە و تەنانەت لەودیو دەلالەتەکانیش بەدیدەکرێت،هەندێ جار بە پەردەیەکی تەنکی تەمومژاوی حەشاردراوە.

_هەردوو شاعیرەکە لە ڕێگەی (نەی)ەوە گەیشتونەتە ئەودیوی خود،ئەمەش وایکردووە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زمانی شیعری سۆفیگەری و میتافیزیکدا درووست ببێت وناسنامەی نەك تەنیا هۆشیاری بەڵکو ئەودیو هۆشیاریش ببێتە ناونیشانی هەردوو شاعیرەکە ،کە هەردووکییان گەنجینەیەکن بۆ زمانی شیعری سۆفیگەری وفراوانبوونی ئەم فەرهەنگە ،چونکە لە ئەزموونی عیرفانیدا بکەری ئەزموون لە کات و شوێن جودا دەبێتەوە ولەگەڵ ناکات وناشوێنێکی وەسف نەکراودا پەیوەست دەبێت.

## 6.پەراوێزەکان

1. رضا بدير ، ياسر الشافعي ، آلة الناي ونشأة الموسيقى وتطورها، مطبعة مدبولي ، ط1 ، القاهرة ، 2004 ، ص10 .

2. غسان خروب ، أقدم آلة موسيقية عرفتها البشرية ، الناي أبجدية الحب والشجن ، جريدة البيان ، 18 ديسمبر ، 2011 .

(*) بروانە العهد القديم

(**) دافنيس Dafhnis يا دافنى لە نێو ئەفسانە یۆنانیەکاندا زۆر بەناوبانگ بووە و پەیوەست بووە بە زوحەل

3. رضا بدير ، سەرچاوەی پێشوو ، ل86 .

4. فارمر ، تأريخ الموسيقى العربية ، ترجمة: جرجيس فتح الله ، بيروت ، 1972 ، ص421 .

(***) سورنای : وای بۆ دەچم لە دوو بەش پێك هاتبێت (سور + نای) کە (نای) هەر (نەی)ەکەیە و (سور) دەشێ تورکی بێت بە واتای ئاهەنگ لە کوردیدا ، بۆتە (زورنا) :(دەهۆڵ و زورنا) بۆیە تەنیا بۆ خۆشی و ئاهەنگ بەکار دەهێنرێت .

(****) (نای نارم) بەلای منەوە هەر (نەی نەرم) ەکەی خۆمانە ، کە هاوبەشە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا وەسفێکە بۆ جۆری ئاوازەکە

5. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : رضا بدير ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 92 تا 94 ، هەروەها: ( منى الشعراني ، تأريخ الموسيقى العربية وآلاتها ، معهد الإنماء العربي .

6. رضا بدير ، سەرچاوەی پێشوو ، ل95 .

7. رضا بدير ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 123 .

8. د.سيد جهرمان صفافي ، جلال الدين الرومي ، المثنوي كتاب العشق والسلام ، ترجمة :مصطفى محمود ، مراجعة طارق أبو الحسن ، دار الآفاق ، القاهرة ، 2016 ، ص7

9. ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی ، چاپخانەی عەلا ، بەغدا ، 1979 ، شیعرە کوردییەکە ل31 ، و فارسییەکە ل46 .

10. أحمد بن ملا محمد الزڤنكي ، العقد في شرح ديوان الشيخ الجزري ، الجزء الثاني ،مطبعة الرافدين ، قامشلي ، سوريا، 1959 ص448

(*****) شاب، شابين، شابوە، ناوی(نەی)ین کە لە لایەن (رضا بدير) لە لیستێکدا کە هەشتاو پێنج 85 ناوی جۆراو جۆری نەی خراوەتە ڕوو ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (رضا بدير) سەرچاوەی پێشوو ل 313 .

11. جان برتليمي ، بحث في علم الجمال ، أنور عبدالعزيز ، دار نهضة مصر للطباعة والنشر ، القاهرة ، ص602 – 612 .

12. عبدالمجيد زراقط ، الحداثة في النقد الأدبي المعاصر ، ط1 ، دار الحرف العربي ، بيروت ، 1991 ، ص152 .

13. تشارلز تشادويك ، الرمزية ، ترجمة : نسيم إبراهيم ، مصر ، 1992 ، ص10 .

14. سحر رامي ، شعرية النص الصوفي ، الهيئة العامة للكتاب ، القاهرة ، 2005 ، ص55 .

15. آنا بلكيان ، الرمزية دراسة تقويمية ، ترجمة : الطاهر مكي و غادة الحنفي ، دار المعارف ، مصر ، 1995 ، ص19 .

16. ابن نصر عبدالله بن علي بن السراج الطوسي ، اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، بيروت – لبنان ، 2001 ، ص430

17. نيكلسون ، الصوفية في الإسلام ، ترجمة : نورالدين شربية، مكتبة الخانجي، القاهرة ، 1956، ص15 .

18. د.عبدالحكيم خليل سيد أحمد ، الدلالات اللغوية في الثقافة الصوفية ، مجلة حوليات التراث ، العدد 14 ، 2014 ، ص125 ، هامش رقم 18 .

19. د.زينة جليل عبد ، الدلالة في لغة الصوفية ، مركز البحوث والدراسات الإسلامية ، ط1 ، بغداد ، 2011 ، ص262

20. ابن نصر عبدالله بن علي بن السراج الطوسي ، سەرچاوەی پێشوو / ل290 .

21. د.أحمد عادل عبدالمولى ، تجليات الناي في الخطاب الصوفي ، ص3 .

22. سەرچاوەی پێشوو ، ل 7 .

23. نور سلمان ، معالم الرمزية في الشعر الصوفي العربي ، الدائرة العربية بالجامعة الأمريكية ، بيروت ، 1954 ، ص13 .

24. دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم ، پێداچوونەوەی : موحەممەدی مەلا کەریم ، چ8 ، انتشارات کردستان، سنە ، 1391 ، ل 91 .

25. سەرچاوەی پێشوو ، ل212

26. دیوانی مەحوی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محمدی مەلا کەریم، چ2 ، چاپخانەی ئۆفیسی حسام،بەغدا ،1984،ل175.

27. سەرچاوەی پێشوو ، ل178

28. دیوانی صافی هیرانی ، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محمدی ملا مستەفا هیرانی ، چ2 ، کتێبخانەی مەحوی بۆ چاپ وبلاوکردنەوە ، هەولێر ، 2015 ، ل281 – 282 .

29. سەرچاوەی پێشوو ، ل288

30. سەرچاوەی پێشوو ، ل558

31. سەرچاوەی پێشوو

32. سەرچاوەی پێشوو ، ل559

33. سەرچاوەی پێشوو ، ل 560

(*****) لە لێکۆڵینەوەی تایبەتدا وەك پڕۆژەی داهاتوو ، بەراووردێکی تێرو تەسەلی نێوان ئەم دوو دەقە دەکەین

34. فرانكلين دی لوئيس ، مولانا ديروز تا امروز ( شرق تا غرب )، ترجمه :حسن لاهوتی ، چاپ سوم ، تهران ، نشر نامك ، 1386 ، ص286 ، 399 ، 400 .

35. ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددین ڕۆمی و سرودی نەی ، ل 16 .

(*) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم دەقە بڕوانە :مثنوي مولانا جلال الدين الرومي ، ترجمه وشرحه و قدم له: د.إبراهيم الدسوقي شيتا ، الكتاب الأول ، مجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ، 1996 .

36. عبدالرحمن الجامي ، نفحات الإنس من حجرات القدس ،تصحيح :مهدى توحيدى پور ، تهران ، 1336ش ، ص27 جامی لە بارەی مەولانا دەڵێ ((پێغەمبەر نەبوو ، بەڵام کتێبی بۆ هات ،)یان خاوەن کتێبە) هەمان سەرچاوە ل699 .

37. سعيد بزرگ بيگدل ، حسين على قبادى ، الوعي العرفاني الخاص في الأدب الفارسي مع تأكيد على مثنوي مولوي ، مجلة العلوم الإنسانية ، العدد 12 ، 2005 ، انترنيت

38. وفيق سليطين ، ناي الرومي في لهاة الشعر العربي الحديث ، مجلة دراسات في اللغة العربية وآدابها ،فصلية محكمة ، العدد 1 ، ربيع 2010 ، ص73 .

39. آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ترجمة: عيسى علي العاكوب ، ط1 ، مؤسسة الطباعة والنشر ، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي ، طهران ، 1421ق ، ص87 .

40. پ.د.جیهان ئوقو یوجو ، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، وەرگێرانی : خالید توفیق پێنجوێنی ، چ1 ، چاپخانەی تاران ،2017 ، ل 325 .

(**) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : محمدأمين الدوسكي ، فلسفة العشق الإلهي في الشعر الجزيري ، ط2 ، من منشورات الأكاديمية الكردية ، أربيل ، 2010 ، ص157 حتى 161 .

41. ألما محمد ، نار العشق في جلال الدين الرومي ، مجلة ثقافتنا للدراسات والبحوث ، مجلد (6) ، العدد الثالث والعشرون ، 2010 ، ص181 و 189 .

42. د. محمد على كندي ، في لغة القصيدة الصوفية ، ط1 ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت – لبنان ، 2010 ، ص38 .

(***) کێلگە دەلالییەکانی مۆسیقا لای مەلای جزیری زۆر فراوانە ، چونکە لەو بڕوایەدام کە مەلای جەزیری زیاتر لە نێو جیهانە مەعنەویەکەدا خەریکی بیستنە ئیلاهیەکان بووە و لە سەمایەکی هەمیشەییدا پەیامەکانی وەرگرتووە ،ئەم کێڵگە دەلالییە زۆر لەوە فراوانترە کە کامران ئیبراهیم مشەختی لە(سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا )، ل 225 – 226 ی بۆ تەرخان کردووە ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

کامران ئیبراهیم مشەختی سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا ، چ1 ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2011 .

43. دیوانا مەلایێ جزیری ، تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1977 ، ل 240 .

44. دیوانا مەلایێ جزیری ، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، چاپا دوێ ، چاپخانەیا خانی ، دهۆك ، 2011 ، ل161 .

45. الرازي: المحصول في علم الأصول ، تحقيق وتعليق : محمد عبدالقادر عطا ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، المجلد الأول ، 1999 ، ص125

46. د.محمد علی کندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل74 .

47. پ.د.جیهان ئوقو یوجو : سەرچاوەی پێشوو، ل327

48. ألما محمد ، سەرچاوەی پێشوو، ل190

49. دیوان شمس تبریزی ، جلال الدین الرومي ، تحقیق : عزیزالله کاسب ، ط3 ، 1282 ، ص561

50. أحمد بن الملا محمد الزڤنگی ، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري ، ص507

51. الما محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل191

52. حەمە سەعید حەسەن ، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2017 ، ل183 .

53. موسعەب ئەدهەم ، عیشقنامە ، لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ چەمکی عیشق ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، چ1 ، سلێمانی ، 2017 .

54. د. علي حسون ، ذخائر الأقوال في مولانا جلال ، دار الرؤية ، ط1 ، دمشق ، 2003 ، ص589 ، هامش رقم 18 .

55. فرح ناز رفعت جو ، العرفان الصوفي عند جلال الدين الرومي ، دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع ، ط1 ، بيروت ، لبنان ، 2008 ، ص122 .

(***) لەم سەرچاوەیە و گەلێ سەرچاوەی تریش ئەم بەرهەمەی مەولانا بە گۆرانی لە قەلەم دەدرێ ، لە کاتێکدا ، سرود شیاوترە

56. سەرچاوەی پێشوو ، ل122 – 123

57. کیتابولمەعاریف ، شەرحی مەسنەوی مەولانا ڕۆمی ،تەسنیفی حەزرەتی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی ، پێشەکی : د.نوری تاڵەبانی ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (295)، چاپخانەی مێگا ، ئەستەمبوڵ ، 2014 ، ل58 .

هەروەها بە عەرەبیەکەشی بڕوانە : الشيخ عبدالرحمن الطالباني – خالص ، كتاب المعارف – شرح المثنوي لمولانا جلال الدين الرومي ، تعريب : ملا عبداللطيف باموكي ، مكتبة التفسير للنشر والإعلان ، أربيل ، 2016 ، ص26

(****) چەنگ – جنك – قیسارەی بچوك كە زۆر پەیوەست بووە بە (نەی) وەکو (ڕەبابە) یە نیشانەیەکە بۆ بەیەکگەیشتنێکی گەرم وگوڕ ، قیسارە لە باوەشی مەعشوق دەچەمێتەوە بە پشتە کەوانەکەییەوە ، هەروەها (چەنگ) ئامێری زوهرەیە – ڤینۆس کە هێشتا لە چوارچێوەی وێنەی خوازەیی شیعری دایە سیفەتی خواوەندی خۆشەویستی شەنگ هەڵدەگرێت کە بووە مایەی دابەزینی هەردوو فریشتە – هاروت وماروت – بڕوانە :آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ص463.

58. دیوانا مەلایێ جزیری :تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، ل 29 .

59. سەرچاوەی پێشوو ل48 .

60. سەرچاوەی پێشوو ل103

61. سەرچاوەی پێشوو ل 148 .

## 7.سەرچاوەکان

ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی ، چاپخانەی عەلا ، بەغدا ، 1979 .

جیهان ئوقو یوجو (پ.د.)، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، وەرگێرانی : خالید توفیق پێنجوێنی ، چ1 ، چاپخانەی تاران ،2017 ، .

حەمە سەعید حەسەن ، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2017 .

دیوانا مەلای جەزیری ، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، چاپا دوێ ، چاپخانەیا خانێ ، دهۆك ، 2011 .

دیوانا مەلای جەزیری ، تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1977 .

دیوانی صافی هیرانی ، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محمدی ملا مستەفا هیرانی ، چ2 ، کتێبخانەی مەحوی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ، هەولێر ، 2015 .

دیوانی مەحوی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محمدی مەلا کەریم، چ2 ، ئۆفیسی حسام،بەغدا ،1984.

دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ، پێداچوونەوەی : موحەممەدی مەلا کەریم ، چ8 ، انتشارات کردستان ، سنە.

کامران ئیبراهیم مشەختی ، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا ، چ1 ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2011 .

کیتابولمەعاریف ، شەرحی مەسنەوی مەولانا ڕۆمی ، تەسنیفی حەزرەتی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی ، پێشەکی : د.نوری تاڵەبانی ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (295)، چاپخانەی مێگا، ئەستەمبوڵ ، 2014.

موسعەب ئەدهەم ، عیشقنامە ، لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ چەمکی عیشق ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، چ1 ، سلێمانی ، 2017 .

### 1.7. بە زمانی عەرەبی:

أحمد بن ملا محمد الزڤنکی ، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزيري ، الجزء الثاني ،مطبعة الرافدي ، قامشلي ، سوريا، 1959 .

أحمد عادل عبدالمولى (د.) ، تجليات الناي في الخطاب الصوفي ،.

ألما محمد ، نار العشق في جلال الدين الرومي ، مجلة ثقافتنا للدراسات والبحوث ، مجلد (6) ، العدد الثالث والعشرون، 2010 .

آنا بلكيان ، الرمزية دراسة تقويمية ، ترجمة : الطاهر مكي و غادة الحنفي ، دار المعارف ، مصر ، 1995 ،

آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ترجمة: عيسى علي العكوث ، ط1 ، مؤسسة الطباعة والنشر ، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي ، طهران ، 1421ق .

تشارلز تشادويك ، الرمزية ، ترجمة : نسيم إبراهيم ، مصر ، 1992 .

جان برتليمي ، بحث في علم الجمال ، أنور عبدالعزيز ، دار نهضة مصر للطباعة والنشر ، القاهرة .

ديوان شمس تبريزى ، جلال الدين الرومي ، تحقيق : عزيزالله كاسب ، ط3 ، 1282 .

الرازي : المحصول في علم الأصول ، تحقيق وتعليق : محمد عبدالقادر عطا ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، المجلد الأول ، 1999 .

رضا بدير ، ياسر الشافعي ، آلة الناي ونشأة الموسيقى وتطورها، مطبعة مدبولي ، ط1 ، القاهرة ، 2004 .

زينة جليل عبد (د.)، الدلالة في لغة الصوفية ، مركز البحوث والدراسات الإسلامية ، ط1 ، بغداد ، 2011 .

سحر رامي ، شعرية النص الصوفي ، الهيئة العامة للكتاب ، القاهرة ، 2005 .

سعيد بزرط بيطدل ، حسين علي قبادي ، الوعي العرفاني الخاص في الأدب الفارسي مع تأكيد على مثنوي مولوي ، مجلة العلوم الإنسانية ، العدد 12 ، 2005 ، انترنيت .

سيد جهرمان صفائي(د.) ، جلال الدين الرومي ، المثنوي كتاب العشق والسلام ، ترجمة :مصطفى محمود ، مراجعة طارق أبو الحسن ، دار الآفاق ، القاهرة ، 2016 .

الشيخ عبدالرحمن الطالباني – خالص ، كتاب المعارف – شرح المثنوي لمولانا جلال الدين الرومي ، تعريب : ملا عبداللطيف باموكي ، مكتبة التفسير للنشر والإعلان ، أربيل ، 2016

عبدالحكيم خليل سيد أحمد(د.) ، الدلالات اللغوية ، في الثقافة الصوفية ، مجلة حوليات التراث ، العدد 14 ، 2014.

عبدالرحمن الجامي ، نفحات الإنس من حضرات القدس تصحيح :مهدي توحيدي ثور ، تهران ، 1336ش

عبدالله بن علي بن السراج الطوسي(د) ، اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، بيروت – لبنان ، 2001 .

عبدالمجيد زراقط ، الحداثة في النقد الأدبي المعاصر ، ط1 ، دار الحرف العربي ، بيروت ، 1991 .

علي حسون (د.)، ذخائر الأقوال في مولانا جلال ، دار الرؤية ، ط1 ، دمشق ، 2003 .

غسان خروب ، أقدم آلة موسيقية عرفتها البشرية ، الناي أبجدية الحب والشجرة ، جريدة البيان ، 18 ديسمبر ، 2011 .

فارمر ، تأريخ الموسيقى العربية ، ترجمة: جرجيس فتح الله ، بيروت ، 1972 .

فرانكلين دي لوئيس ، مولانا ديروز تا امروز ( شرق تا غرب )، ترجمة :حسن لاهوتي ، ضاث سوم ، تهران ، نشر نامك ، 1386 .

فرح ناز رفعت جو ، العرفان الصوفي عند جلال الدين الرومي ، دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع ، ط1 ، بيروت ، لبنان ، 2008 .

مثنوي مولانا جلال الدين الرومي ، ترجمه وشرحه و قدم له: د.إبراهيم الدسوقي شيتا ، الكتاب الأول ، مجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ، 1996 .

محمد علي كندي ( د.) ، في لغة القصيدة الصوفية ، ط1 ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت – لبنان ، 2010 .

محمدأمين الدوسكي ، فلسفة العشق الإلهي في الشعر الجزيري ، ط2 ، من منشورات الأكاديمية الكردية ، أربيل ، 2010 ، .

نور سلمان ، معالم الرمزية في الشعر الصوفي العربي ، الدائرة العربية بالجامعة الأمريكية ، بيروت ، 1954 .

نيكلسون ، الصوفية في الإسلام ، ترجمة : نورالدين شريبة ، مكتبة الخانجي، القاهرة ، 1956 .

وفيق سليطين ، ناي الرومي في لهاة الشعر العربي الحديث ، مجلة دراسات في اللغة العربية وآدابها ، فصلية محكمة ، العدد 1 ، ربيع 2010 .

# رمزية الناي في اطار الشعر الصوفي

## "دراسة مقارنة بين الناي في المثنوي لمولانا جلال الدين الرومى و الناي في الشعر الملا الجزيري"

**الملخص:**

يعد الناى في المثنوي القصيدة الام و يمثل الناي منه الانسان و الانسان يمثل الناي فيه ايضا، اي حياة الناي تشبه تماما حياة الانسان، اذ ان الاشادة بالناي في المثنوي ل جلال الدين الرومي (1273– 1217) يشكل تدريبا روحيا و يتغلغل اعماق الروح، و يعبر عن التجربة الذاتية للمتصرف و يمتلك مساحة واسعة في الشعر الكلاسيكي الكردي، بحيث اصبح الناي رمزا يصل الى القمة و لاسيما في اشعار الملا الجزيري (1631– 1568). للناي كآلة خلفية تاريخية في الحضارات المتنوعة و هو يعبر عن اصل الانسان و حنينه الى هذا الاصل الذي انحدر منه، اي انفصاله عن اصله الذي يحن اليه في كل لحظة، و شعور الانسان بالغربة دائما في الحياة لكونه ابتعد عن منشته الاصلي لذالك يتبؤ الناي منزلة مرموقة في ميدان التصوف و هو احد الرموز المعبرة عن توجهات الشاعرين و هذا ما ادى الى كثرة بروزة و ظهورة في شعرهما، و قد صاحبت آلة الناي الاداء، الغنائي في شكله الديني كما صاحبت الترتيل الصوفية، الامر الذي دفع بنا الى عنونة البحث ب (رمزية الناي في اطار الشعر الصوفي – دراسة مقارنة بين الناي في المثنوي لمولانا جلال الدين الرومى و الناي في الشعر الملا الجزيري) الذي يتكون من ثلاثة محاور هي: (المحور الاول: الناي بين النار العشق و هدوء الطبيعة. المحور الثاني: رزمزية الناي في الشعر الصوفي. المحور الثالث: الناي في فكر مولانا و الملا الجزيري)

**الكلمات الدالة:** الناي، الرمز، جلال الدين الرومي، الملا الجزيري، الغربة.

**The symbolism of the Flute in Sufist Poetry**
**"A comparative study ofthe Flutein Alrumi's Mathnawi and Aljiziri's Poetry"**

**Abstract:**

The Flute' is the main poem in the Mathnawi. It represents man whose life is similar to that of the flute. Jalal Aldin's Mathnawi is a spiritual training that penetrates to the depth of the soul. It also reflects a sufist's experience and was greatly adopted in Kurdish poetry. This can be seen in the poetry of Mulla Aljiziri. The flute has a history in different civilizations; it refers to the origin of man. It also reflects man's feeling of homesickness. The flute is of significant importance in Sufism and is a frequent symbol in poetry. That is why is used in Sufist religious songs and rituals.

**Keywords**: Flute symbol, jalal Aldin Alromy, Mulla Aljiziri homesickness.